## توركيا بە پێشگری كردن لە بالكانیزە بوونی خۆرهەڵاتی ناوین،
## رازی یە نەوتی كوردان هەتا سەر بۆ عەرەبان بێت

كاروان هەورامی

رۆژی 6 مانگی ژۆئەنی سالی 1926 بوو كە توركان دانیان نا بە شریتی سنوری بروكسل لاین لە ناوبەری باكور و باشور. ئێستاكەش لە بەر گۆڕانی داهاتووی هەرێمەكە هەرەشە لە چارەنووسی یەكجارەكی گەلی كورد دەكەن.

بڕیاری پارلەمانی ئانكارا بۆ هەلبژاردنێكی پێش وەختیش لەوانەنییە رفتی پڕ ئالۆزی سیاسی-ئابوری وولاتی هاوپەیمانی NATO ئارام كاتەوە. ئەگەری پێش خستنی ئەم هەلبژاردنە ئەوەیە كە ویستەكانی پارتی دایكی نیشتمانی مسعود یلماز كە داخوازی EU یە بۆ وەرگرتنی توركان بە ئەندام لە پەرلەمانی ئانكارا قەبول كرێت.

لەكۆمەلە داخوازی یەكانی یەكیەتی ئەورووپا كەم كردنەوەی داپلۆسینی گەلی كوردی باكور و هەلوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدانە. لەم ناوەدا USA بە سەرنجی هەرچی تەواوتر چاوی بڕیوەتە هاوپەیمانی خۆی لە ناوچەكە كە بەرپرسی ئاشتی ئەفغانی یە.

هەرچەند تورك هاوپەیمانی سەرەكی USA لە ناوچەكەیە، بەلام بلند ئەجەویتی 77 سالە بە ناوێزەیی لە ئەوە ترسی هەیە كە ئەنجامی هێرشی لەوانەیی دژی سەدام حوسێن بە پێكهاتنی دەولەتێكی كوردان تەواو بێت و بەبێتە جۆلانەوەی سیاسی – كۆمەلایەتی باكوری كوردستانیش.

هەرچی خانمی تانسوا چلێر رابەری پارتی ڕێگای ڕاستە و كاتی خۆی لە دەسەلاتداری دا كە بوو، خۆی بە ژن ئاسنینی هەرێمەكە لە قەلەم دەدا، پێی خۆشە لە كاتی هێرش لە دژی ڕژێمی "باغی ناداد" بەبێتە سەروك فەرزینی وولاتەكەی.

بەلام ئێستاكە كەسانی تر وەك كمال درویش فەرزینی ئابوری و اسماعیل جم فەرزینی پێشوی دەرەوەی وولات لە دەست پێكی پێك هاتنی پارتێكی تردان كە بتوانن بە ریفۆرم توركیا ڕزگار كەن لە قەرقەشی و بەگەنە ناو ریزی وولاتانی یەكیەتی ئەورووپی.

لە ناوەراستی حەوتووی 29ی مانگی ژولای دا پۆل ڤۆلفو ویتز كە كەسایەتی دووهەمی فەرزین خانەی بەرگری ئەمەریكی یە لە ئانكارا لە بەرامبەر هەڤادێراندا دووپاتی كردەوە كە سەفەری چەند ڕۆژەی تەنیا ئاشنا بوون لە تەك خالەكانی ڕوانگەی فەرمانبەرانی ئانكارا بووە و لە بارەی پلانی وەلاتانی سەروكی عێراقی چ داخوازی تایبەتی لە ئانكارا داوا نەكردووە.

هەروەها پۆل ڤۆلفو ویتز گووتی گەر بێت و ڕژێمی بەغدا بە ڕژێمێكی دیمۆكراتیك بەگات ئەوە بە قازانجی ناوچەكە وجیهانە و توركیاش بەهرەی زۆرتر دەبات. ڕابەرانی تورك لە بەرامبەر جێگری فەرزینی بەرگری ئەمەریكی دا ووتوویانە بە مەرجێك لە تەك هێرشی ئەمەریكان كە دەولەتێكی كوردان لە باشور پێك نییەت و زەرەری زۆرتر بە ئابوری وولاتی توركان نەگەیەنێت (گوایە لە ناوبەری 1991 - 2002، ئەمبارگۆی سەر عێراق 35 ملیارد دولار زەرەری بۆ ئانكارا بووە).



www.kurdistannet.org

بە گوێرەی ڕۆژنامەی Sabah چاپی تورکان، سەر لشکەر حۆسێن کیفری ئۆغلو لەم دیدارانەدا لە ئەمەریکی یەکان دەپرسێت :

. . . واشینگتون چۆن پێش گری لە داهاتووی دەولەتیکی کوردی دەکات و داوای کردووە کە ناوچەکانی نەوتی باشور و موسل نەکەونە ژێر دەسەلاتی کوردان دوای ڕمانی سەدام حۆسێنی پۆستال سوری فاشی هاوپەیمانی.

بەم شێوەیە تورک پێشگری لە بالکانیزە بوونی ناوچەکە دەکات و پێی خۆشە هەتا سەر نەوتی بابەگورگور بۆ عەرەبی دۆشاوی خورما فرۆشی عێراق بێت.

www.kurdistannet.org